# پیرۆز بێت 1-6 ڕۆژی جیهانی منداڵان

# ڕۆژی خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی منداڵان!!



> چۆنێتی ڕەفتارو مامەڵەی هەرکۆمەڵگایەك لەگەڵ مناڵاندا، گرنگترین پێوەری پێشکەوتووی و ئازادیبونی ئەو کۆمەڵگایەیە، مناڵان لە هەمووشتێک گرنگترن، وە لە پێشترن لەهەر بەرژەوەندییەکی نەتەوایەتی، ئایدۆلۆژی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاینی " یەکەم مناڵان" لە بەندەکانی پێکهاتنی سەنتەری مناڵان، ئازاری 1999

**کاتێك مرۆڤ چاو لەو هەموو نەهامەتی و پێشێلکاریانە دەکات کە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕووبەڕووی منداڵان دەبنەوە، بۆمان سەخت دەبێت چۆن بەچ زمانێك ئەم ڕۆژەو ئەم یادە لە منداڵان پیرۆز بکەین! ئایا بە ڕاستی منداڵان چەندە ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی خۆیان دەزانن؟ ڕێژەی چەند لە سەدی منداڵان بەم ڕۆژە ئاشنان؟**

## منداڵە چاوگەشە خۆشەویستەکان .. پەروەردکاران، دایکان و باوکان، بەرگریکەرانی مافەکانی منداڵان.

**1-6 ڕۆژی جیهانی منداڵان بڕیارە یادی ڕۆژی بە یاسا کردنی مافەکانی منداڵان بێت، ڕۆژی کۆتایی هێنان بە توندوتیژی وهەموو جۆرە هەڵاواردنێك بێت لە دژی منداڵان، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بەشێکی زۆر لە وولاتانی دنیا جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منداڵانیان واژۆ کردوو بڕیاریاندا کە لە وولاتی ژێر حاکمیەتی ئەواندا چیتر مافەکانی منداڵان پێشێل نەکرێت و بە پێی ئەو جاڕنامەیە بەرگری لە مافەکانی منداڵان بکەن و پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دەستەبەر بکەن، وە منداڵان بەچاوی ڕێزو حورمەتەوە دەماشا بکەن.**

**بەڵام بە چاوگێڕانێکی خێرا بەسەر هەل و مەرجی ژیانی منداڵاندا وبەپێی ئەو ئامارو ڕاپۆرتانەی کە گۆشەیەکی زۆر چکۆڵەی ژیانی واقعی منداڵان نیشان دەدات، تەنانەت لە ژێر دەستی ئەو دەسەلآت و وولآتانەدا کە واژۆی ئەم مانیفێستەیان کردووە، ئەو مەرگەساتانەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەسەرتاسەری دنیادا بەرۆکی بە منداڵان گرتووە، ئەگەر لە عێراقی داگیرکراوی ژێر دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانیانی لە لایەك و ژێرتەراتێنی دەستەوگروپی تیرۆریستی و بێدەسەلآتیی حکومەتی عێراق لە لایەکی تر چاولێبکیەن و لێرەوە دەست پێ بکەین، لە سایەی دەسەلآت و حکومەتێکدا کە ئیدعای دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات، بەڕاستی مرۆڤ نازانێ باس لە کامیەك لە نەهامەتییەکانی ژیانی منداڵان بکات، باس لەو دەیان منداڵە بکەین کە ڕۆژانە دەکوژرێن و لە دەوروبەری شارفرێ دەدرێن، ئەوانەی دەبن بە قوربانی شەڕی تیرەو ئاینی، ئەوانەی ڕۆژانە لاقە دەکرێن و دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر، ئەوانەی ڕۆژانە مەوادی بێهۆشکەریان پێدەدرێت، ئەو هەزاران منداڵەی لە زیندانی ژێر سەرپەرشتی سەربازانی ئەمەریکی دان و ڕۆژانە دەتۆقێندرێن. یان ئەو منداڵانەی کە بۆ کاری تیرۆرستی و خۆتەقاندنەوە لە لایەن تیرۆریستانەوە لەبەرامبەر 100دۆلاردا پارچەکانی لەشی خۆیان بە حەوا دەبەن.....هتد.**

**بە پێی ڕاپۆرتی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و هیومەنرایتس و چەندین بەڵگەنامەی ڕێکخراوەکانی تر، بەشێکی بەرچاو لە تەقاندنەوەکان و کارە خۆ کوژییەکان لە لایەن منداڵان و لاوانی خوار تەمەن 18 ساڵانەوە ئەنجام دەدرین، سەختی باری ژیانی خێزانەکان و بێکاری وایکردووە کە ڕیژەی وازهێنان لە قوتابخانەکان و ڕووکردنە مەیدانەکانی کار لە لایەن منداڵانەوە ببێتە دیاردەیەکی بەرچاوو لە 30٪ منداڵان نەخوێندەوارن.**

**لە کوردستانیشدا کە بەبەراوورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا وەزعییەتێکی ئارام و جێگیر هەیە، وە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە باس لە باشکردنی ژیانی خەڵکی دەکات و باس لە ئازادی و مافی مرۆڤ دەکات، بۆ گەناوی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری بەرۆکی بە دەسەلآتداران گرتووەو ژیانی منداڵان و ژنانیان هەر لەبیر نییە، وە ڕاددەی ڕووداو و هەوڵی کوشتنی منداڵان و ژنان لەم هەرێمەدا بەرزە کە ڕۆژ نییە لە ڕێی میدیاکانەوە هەواڵی کوشتنی ژنان و منداڵان نەبیستین، بەڕاستی لە کەم جێگەی دنیا بە ئەندازەی کوردستان ئەم تاوانانە لەدژی ژنان و منداڵان بلاو دەبێتەوەو دەگاتە دەستی میداکان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە وەزعی منداڵان ڕووڵە کووڵەمەرگییەو جگە لە نەبوونی یاسای بەرگریکردن لە مافەکانی منداڵان، نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان و قوتابخانە، توندو تیژی مەترسییەکی گەورەیە کە ڕۆژانە بە منداڵان لەگەڵیدا دەستەویەخەن.**

**بە پێی ڕاپۆرتی هیومان رایتس ووتش لە ئێرانی ژێر سایەی دەسەلآتی کۆماری ئیسلامی و عەمامە بەسەراندا، یەکەمین وولاتە و لە ڕیزی پێشەوەی وولاتانی دنیایە بۆ لەسێدارەدان و چاوهەڵکۆڵینی منداڵانی ژێر تەمەن 18 ساڵان و قصاص کردن و سەنگساری کردنیان، زۆرجاریش ئەو منداڵانەی کە تاوان ئەنجام دەدەن و تەمەنیان لە ژێر 15 ساڵاندایە لە زیندا ژیان بەسەر دەبەن تا تەمەنیان**

گەورە دەبێت بۆ ئەوەی لەسێدارە بدرێن یان چاوەکانیان هەڵکۆڵن، (محمد رەزا موسوی شیرازی و سعید قەنبەر زاهی) لەتەمەنی 16 ساڵان و 17 ساڵاندا بوون کاتێك کە تاوانیان ئەنجامدا، بۆ ماوەی 4 ساڵ زیندانی کران بێئەوەی کەس و کاریان چاویان پێیان بکەوێت لە 22 ئەپریل و 27 ئایاردا لە هەردووکیان لە سێدارە دران. لە ئەفغانستانی کاول کراوی بن دەستی تیرۆریستانی قاعیدەو تالیبانەکان لە لایەك و حکومەتی کەرازی و ئەمەریکا لە لایەکی ترەوە جگە لە بوونی هەمان یاساکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران، جگە لە چادر پۆشی منداڵانی کچ و بورقە، ستەم و بێماڤ چ باسێك لە مافەکانی منداڵان نییە.

لەسایەی شێخ عەشیرەتەکانی سعودیەو حوکمی و پیاوسالاریدا قصاص و بەردبارن کردن سادەترین تاوانێکە کە منداڵان و ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە، لە سوریای ژێر سایەی دەسەڵاتی خێڵەکیدا کارکردن بە منداڵان و فرۆشتنی جەستەی ناسکیان بۆ کاری سێکسی لە مەلهاکانی دیمەشقدا یەکێکە لە دیاردە بەرچاوەکانە وجگە لە کارکردن بە منداڵان و بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژیان. بەپێی هەمان ڕاپۆرت لە مەغریب و مصر و زۆرێك لە دونای عەرەب، بەشی زۆری ئەو تاوانانەی کە لە دادگادا پرسینەوەیان لێەکرێت کە دەگاتە نزیکەی 70٪ تا 80٪ی تاوانەکان، ئەو تاوانانەن کە لە دژی منالاّن ئەنجام دەدرێن، وە بەشێکیش لەدژی منداڵانی قاصرین. کارکردن بە منداڵان لە بەنگلادیش و هندستان، تەنانەت لە کۆمپانیای سۆنی ئەریکسۆنی سویدی لەو وولاّتانەدا، هەوەها لاقە کردنی منداڵان و بێمافییەکانیان، توندو تیژی لە دژی منداڵان لە ئەمەریکای لانکەی"دیموکراسی"وکۆێ و کوێ تری دنیا، چەکدار کردنی منداڵان و بە کوشتدانیان لە سریلانکا، ئەسیوپیاو صۆمال و زۆرێك لە وولاّتانی ئەفریقا... ئەمانە تەنها ئەو گۆشە چکۆلەیە لە نەهامەتییەکانی ژیانی منداڵنن کە ڕۆژانە لە ڕێی میدیاکانەوە بەرچاومان دەکەون، ئەمە جگە لەوەی کە دوور لە چاوی خەڵك و میدیاکانداو لە نێوچواردیواری ماڵەکانداو لە پشتی دەرگا کلۆم دراوەکانەوە ڕوودەدەن بێ ئەوەی کەس پێبزانێ.

## خەڵکی ئازادی خواز... مرۆڤ دۆستان

ئەم هەل و مەرجە سەختەی ژیانی منداڵان، گەورەترین کارەسات لە کۆمەڵگادا دەخوڵقێنێ، کۆمەڵگا بە دەستی منداڵان پێش دەکەوێت و بەهرەیی منداڵان کۆمەڵگایەکی باڵا زانست بەدی دێنێ، پەروەردەی توندوتیژی، مرۆڤی توندو تیژ و مافیا بەرهەم دێنێ ئەمە جگە لەوەی بەشێك لەم ئینسانە چکۆلانە دەبن بە قوربانی ئەم هەل و مەرجە نا مرۆڤانەیە، لەهەمان کاتدا نەبوونی یاسایەك بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی منداڵان لە کۆمەڵگادا و نەبوونی زانیاری پێویست لەباری مرۆییەوە سەبارەت بە منداڵان و مافەکانیان، زاڵ بوونی فەرهەنگی کۆنەپەرستی و کولتوری دواکەوتووانە، دەستی گەورەکان ئاوەڵا دەکات بۆ تاوانکاری لە دژی منداڵان، با بە هەمووومان بەر بەم مەرگەسات و تاونکارییانە لە دژی منداڵان بگرین، لە پێناوی پەروەردەیەکی ئارام و هێمن و دابین کردنی پێداویستی ژیانی منداڵان، لە قوتابخانەو نێوخێزان و کۆمەڵگادا، لە پێناوی دوا ڕۆژێکی پرشنگدار بۆ منداڵان و کۆمەڵگاکەمان. بۆیە لەم ڕۆژەدا پێویستە هەموو هەوڵ و خەباتمان بەدەوری داخوازی بە یاسایی کردنی مافەکانی منداڵاندا چەقبەستوو بکەین.

بژی ڕۆژی 1- 6 ڕۆژی بە یاسایی کردنی مافەکانی منداڵان، بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان و کۆتایی هێنان بە نەهامەتییەکانیان.

**سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان**

31-05-2008

www.santarimnalan.com